العامُ والخَاصُّ والمُطلَقُ والمقيَّدُ

پێویسته هەموو بانگخواز و فێرخوازێکی زانستی
شەرعی **ئەم ئەحکامانە بزانێت**

ئامادەکردنی
سەرخەری دەوڵەتی
ئیسلامی

مامۆستای بەڕێز
حفظه الله
أسامة التوحيدي الشهرزوري

بسم الله الرحمن الرحيم

ناونیشانی نامیلکە

العامُ والخَاصُّ والمُطلَقُ والمقيَّدُ

پێویستە هەموو بانگخواز و فێرخوازێکی زانستی شەرعی ئەم ئەحکامانە بزانێت

نووسراوی

ماموستا ئوسامە تەوحیدی -حفظه الله-

ئامادەکردنی

سەرخەری دەوڵەتی ئیسلامی

١٤٤٧ هیجری

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

پێویستە هەموو بانگخواز و فێرخوازێکی زانستی شەرع ئەم ئەحکامانە بزانێت چونکە ئەمانە نەزانێت ناتوانێت بەباشی لەقورئان وسونەت تێ بگەیت و بەڵگەیان پێ بهێنێتەوە بۆیە خوێنەربە پێشتر بەکورتی هەنێک باسمان لێوە کردبوو پێم خۆشبوو بەم پۆستەش وەک تەواوکارێک بۆ پۆستەکانی پێشوو بەرچاو ڕوونیەکی زیاتر بەین بەفێرخوازانی زانستی شەرعی وموسڵمانان.

العام والخاص والمطلق والمقيد

سەرەتا دەقی عام واتای چیە ؟

الجويني ئەفەرموێت بریتیە لەوەی دووشت زیاتر وسەروتر ئەگرێتەوە بەبێ سنوردارکردن لەزاراوەشدا وشەی عام بریتیە لەوەی هەموو تاکەکانی خۆی ئەگرێتەوە بەبێ سنوردارکردن وەک الله تعالى فەرموویەتی : ﴿ إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ ﴾ وشەی المتقين (تەقواداران) بەشێوەی گشتی دووکەس بەرەو سەروتر ئەگرێتەوە (بەبێ سنوردارکردن واتا هەموو تەقواداران).

وشەی عام ئەبێت بەدوو بەشەوە :

١– دەقەکە عامە (گشتیە وهیچ بەشێکی لێ تایبەت وجیانەکراوەتەوە).

٢– دەقەکە عامە بەڵام تایبەت وسنوردارکراوە، هەندێ کات دەقێکی عام مەبەست پێی تایبەتکراوە (خاص) هەندێ کات دەقەکە تایبەتە (بەشێوەی خاص وتراوە مەبەست پێی عامە).

١) نموونە دەقی عام ی غير المخصوص (دەقی گشتی تایبەت نەکراو واتا هیچ بەشێک لەو گشتگیریە جیانەکراوەتەوە) : بۆنموونە الله تعالى فەرموویەتی : ﴿ إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ﴾ واتا : الله تعالى بەهەموو شتێک زانایە.

ئەم دەقە عامە هیچ شتێکی لێ تایبەت وسنوردار نەکراوە کەواتا هیچ شتێک نیە ئیلا الله تعالى ئەیزانێت وپێی ئاگادارە.

٢) دەقی عام ی تایبەت کراو (بریتیە لەو دەقە گشتیەی هەنێک لەتاکەکانی لێ جیائەکرێتەوە) وەک فەرموودەی پێغەمبەر عليه الصلاة والسلام کەفەرموویەتی :

« كل أمتي يدخلون الجنة إلا من أبى » واتا : هەموو ئـوممەتەكـەم ئەچنه بەهەشتەوه تەنها ئەوكەسـه نەبێت كەرەدی ئەكـاتەوه.

لێرەدا دەقـەكه گشتگیرەكه بەڵام بەشـێكی ئەو گشتگیره سنورداركرا وجیاكراونەوه ئەوانەش ئەوانەن كەرەت ـی ئەكەنەوه شوێن ـی بكەون ناچنه بەهەشتەوه كەواتا ئەم دەقه عامه تایبەتكراوه (عام المخصوص).

٣- عام المراد به الخصوص (دەقـەكه بەعام دەربڕاوه بـەڵام واتاكەی مەبەست پێی تایبەت و خاص ـه) وەک ئەوەی الله تعالـی فەرموویەتـ ـی : ﴿ الَّذِينَ قَالَ لَهُمُ النَّاسُ إِنَّ النَّاسَ قَدْ جَمَعُوا لَكُمْ فَاخْشَوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَانًا ﴾ واتا : ئەوكەسـانەی كـاتێ خەڵكی پێیان وتن بەڕاسـتی خەڵكی بۆلەناو بردنتان كۆبونەتەوه لێیان بترسن كەچی موسـڵمانەكان ئیمانیان زیاتر چەسپا.

ئایەتی (الناس) خەڵكی مەبەست پێی یـەک كەسـه ئەویش نعیم ـی كوڕی مسعود ـی ثەقەفی ـه كەئەوبوو ئەوقسـەیەی كـرد كەواتـا ڕواڵەتی ئایـەتەكه بەشێوەی عام دەری بـڕیوه بـەڵام ماناكەی مەبەست پێی یەک كەسـه كەواقسـەكەی كرد.

٤- ئەو دەقەی كەوا تایبەته بـەڵام مەبەست پێی گشتیه وەک نمونەی ئـایەت ـی : ﴿ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ اتَّقِ اللَّهَ ﴾ واتا : ئەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسـلم تەقوای الله تعالی بـكه.

ئەم دەقـه تایبەت ڕووی لەپێغەمبەر كردووه صلی الله علیه وسـلم بەڵام ماناكەی بـۆ عامەی خەڵكیه ومەبەست پێی گشت خەڵكه كەتەقوای الله تعالـی بكەن، كەواتا ئەگەر دەقێكی عامت بینی ئەبێت لێكۆڵیتەوه بزانیت ئەم عامه تایبەتكراوه یـان تایبەت نەكراوه یان سنورداركراوه یاخود نا یادەقیكی تایبەت ئەبینیت ئایا تایبەته بەڕوداو بەكەسێک یـان مەبەست پێی حوكمێكی گشتیه كەزۆرجار بەهۆی نەزانینی ئەم وردەكـاریانه لەفەتوادان هەڵەڕووئەیـات.

پـاشـان مانای وشەی (الخاص) تایبەت تایبەت (خاص) دژی گشتگیرە (عام) لەڕووی زاراوەشەوە بریتیە لەجیاکردنەوە ودەرکردن ـی هەنێ لەکەسەکان لەحوکمێکی گشتی بەپوخت ـی واتا کورتکردنەوەی گشتی بەدەرهێنان وجیاکردنەوەی هەنێک لەتاکەکان لەوحوکمە گشتیە بـۆنمـونە الله تعالـی فەرموویەتی : ﴿ فَاقْتُلُوا الْمُشْرِكِينَ ﴾ ئەمە دەقێکی عامە فەرمان بەکوشتنی هەموو موشریکان ئەکات بەڵام بەدەقێکی تر تخصیص کراوە (تایبەت کراوە وهەنێ لەموشریکان لەو حوکمە جیاکراونەتەوە ودەرهێنراون وەک ئەهلی عەهد کەلەو حوکمە عامە دەرهێنراون وجیاکراونەتەوە، کـەواتا وشەی خاص بەو دەقانە ئەوترێت کەکەسانێکی لەحوکمە گشتیەکە دەرهێناوە وجیاییکردوونەتەوە.

دەقـی مطلق ـ ڕەهـا دژی مقیدە (بەستراو یـان سنورداركراو) بۆنمـونە الله تعالـی ئەفـەرموێت : ﴿ تحرير رقبة من قبل أن يتماسا ﴾ [المجادلة : ٣]
ئەوانەی ظیهار ئەکەن لەخێزانەکانیان ئەبێت بـەندەیـەک ئازادبکەن لێرەدا ئازادکـردن ـی بەندەیـەک بەڕەهای هاتوە واتـا دیاری نەکراوە چـی جۆرە بەندەیەک بێت ئیمانداربێت یاخود نا هیچ سیفەتێکی سنورداركردن ـی بۆدیاری نەکـراوە گەر سیفەتێکی بۆدیاریکرابایـە ئەبوو بەدەقێکی مقید(بەستراو وسـنوردار بەو وەسفەی بۆی دائەنرێت بـەڵام کەبەڕەهـای بێ دیاریکردن ـی هیچ وەسفێـک هاتوە ئەمە پێی ئەوترێ مطلق (ڕەهـا) وەهەروەهـا بۆچی ناڵێین ئەمە دەقێکی عامە ئەڵێین مطلق ـە ؟ چونکە بەدیاریکراوی باسـی بەندەیـەک ئەکات کەواتا لەعام دەرئەچێت باسـی تاکێک ئەکـات بـەڵام لەڕووی واتاوە ڕەهایە چونکـە دیارینەکراوە بەندەکە خاوەن چی وەسفێـک بێت واتا عام نیە چونکە الله تعالی نەیفەرموو هەمووکۆیلەکان ئازادبـکەن تاببێت بەدەقێکی عام وە سنوردارێش نیە چونکە بەڕەهایی فـەرمووی کۆیـلەیـەک ئازاد بکەن بەبێ دیاریکردن ئەمەش پێی ئەوترێ حوکم ـی مطلق (ڕەهـا).

کـــەواتـا دەقی (المقید چیە)بریتیە لەو دەقەی کـۆت وبەندی بۆدانراوە ومەرج ـدار کراوە بۆنمـونە لەباس ـی ئەوکـەسەی ئیمانداری بەهەڵە ئەکوژێت الله تعالـی فەرموویەت ـی :
﴿ فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ ﴾ واتا : کۆیـلـەیەکی بڕوادار ئازاد بـکات.
لێرەدا دەقەکە مقیدە (واتا مەرج ـدارە کەبەندەکە بۆئەم کەفـارەتە ئیماندار بێت و ڕەهـا نیـە وەک ئایەتەکەی سەروتر).

لەشەرعدا پێویستە کار بەدەق ی ڕەها بکرێت تا بەڵگەیەک یەت دەقەکە سنوردار ومەرج دار بکات ئەگەر ئایەتێکی مطلق هات لەسەرحوکمێک لەهەمان کاتدا لەسەر هەمان حوکم ئایەتێکی تر هات بەمقیدی (بەمەرجدارکراوی وسنوردارکراوی) ئەوا ئایەتە مطلقەکە بەئایەتە مقیدەکە تەفسیربکرێت.

بۆنمونە لەحوکم ی ئازادکردن ی کۆیلە لە کەفارەت ی ظهار بەموطلەق ی فەرمووی کۆیلەیە ئازادکەن بەڵام لەئازادکردن ی کۆیلە لەکوشتن ی هەڵە فەرمووی کۆیلەیەکی ئیماندار ئازادکەن لێرەدا حوکمەکە یەکە ئەویش بریتیە لەئازادکردن ی کۆیلە بەڵام لەدەقەکەی تر ئازادکردنەکەی بەئیمانداربون شەرعاند کەواتا دەقە مطلقەکە سنوردار ئەکرێت بەدەقە مقید (سنوردارکراوەکە).

بۆیە ئەگەین بەو ئەنجامەی مەرج ی ئیمانداریێتی بۆئازادکردنی کۆیلە لەهەردوو حوکمەکە دائەنرێت، بەڵام ئەگەر دووحوکم ی جیاوازبن ئەوا مطلق بەمقیدی ئایەتێکی تر نابەسترێتەوە بۆنمونە الله تعالى فەرموویەت ی : ﴿ وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا ﴾ واتا: ژن وپیاوی دز دەستیان ببڕنەوە.

وە الله تعالى لەبارەی دەستنوێژ فەرموویەت ی : ﴿ فَاغْسِلُوا وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ ﴾ واتا : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! هەرکە ویستان هەڵسن بۆ نوێژو دەستنوێژتان نەبوو دەم و چاوو دەستتان لەگەڵ ئانیشکتاندا بشۆرن.

لێرەدا هەردوو ئایەت باس ی دەستە بەڵام بۆ دووحوکم ی جیاواز یەکیان بۆدەست نوێژە یەکیان بۆ سزای دزیە سزای دزی بەئایەت ی دەستنوێژ نابەسترێتەوە واتا دەست ی دزەکە نابڕێتەوە لەئانیشکەوە چونکە هەریەکیان تایبەتە بەحوکمێکی جیاواز ئەویان بۆسزایە ئەمەشیان بۆ عیبادەتە بۆیە مقید ناکرێت بەئایەت ی وەسفی دەست بۆ دەستنوێژ.

الحمد لله رب العالمين